# کوردستان و ململانێ گەورەکەی جیهان

07-12-2022

**نووسەرەکان**

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە :** سەردانی شی جین پینگ بۆ سعودیە، ئەویش تەنیا 5 مانگ دوای سەردانێکی جۆ بایدن سەرۆکی ئەمریکا بۆ ریاز، ئاماژەیەکی دیکەی ململانێ گەورەکەی جیهانە؛ رکابەریی هێزداری نێوان چین و ئەمریکا، کە دەتوانێت رووخساری جیهان بگۆڕێت.

## بەرایی

سەردانی شی جین پینگ بۆ سعودیە، ئەویش تەنیا 5 مانگ دوای سەردانێکی جۆ بایدن سەرۆکی ئەمریکا بۆ ریاز، ئاماژەیەکی دیکەی ململانێ گەورەکەی جیهانە؛ رکابەریی هێزداری نێوان چین و ئەمریکا، کە دەتوانێت رووخساری جیهان بگۆڕێت.

لەکاتێکدا کە سیاسەت لە کوردستان، بەشێوەیەکی سەرەکی لە بازنەیەکی بەرتەسک و دووبارەی ململانێی حیزبیدا دەسووڕێتەوە، ململانێ گەورەکەی جیهان خەریکە پێکهاتەی ئەمنی و سیاسی ناوچەکە دەگۆڕێت و، بێشک ئەمە، کاریگەری لەسەر هەر چوار بەشەکەی کوردستانیش دادەنێت.

## وزە و ئەولای وزە

چین یەکێکە لە گەورەترین کڕیارانی نەوتی جیهان بەتایبەتیش سعودیە، بە گشتی نزیکەی چارەکی تەواوی بەرهەمی نەوتی سعودیە دەکڕێت. بێشك بۆ ئابوورییەکی وەکوو چین کە داهاتی گەشەی بەرهەمی ناوخۆیی (GDP) لە 1.34 تریلیۆن دۆلار لە ساڵی 2001وە گەیاندووەتە 17.7 تریلیۆن دۆلار لە ساڵی 2021، دەسکەوتنی وزەی هەرزان و بەردەوام بایەخی خۆی هەیە. رەنگە لەم بابەتەشدا لەگەڵ ئیدارەی بایدن تەبا بێت سەبارەت بە هەوڵدان بۆ دابەزینی نرخی وزە. رۆژی 4ی دیسەمبەر، ئۆپێك پڵەس بڕیاریدابوو سیاسەتی کەمکردنەوەی 2 ملیۆن بەرمیل نەوتی رۆژانە لە بازاڕەکانی جیهان درێژە پێبدات کە لە مانگی نیسانی ئەمساڵدا رێککەوتنی لەسەرکرابوو. رەنگە ئەمە بۆ ئەمریکا و ئەورووپاش هەواڵێکی دلخۆشکەر نەبێت بەتایبەتی کە ئەوان بڕیاریانداوە گوشارێکی زیاتر بخەنەسەر کەرتی وزەی روسیا. گەڕانەوەی بەهێزی بایەخی نەوت بۆ سیاسەتی جیهانی وایکردووە کە سەرکردەی وڵاتان زیاتر روو لە کەنداو بکەنەوە. ئەمساڵ بێجگە لە بایدن و پینگ، سێرگی لاڤرۆڤ وەزیری دەرەوەی رووسیاش چووبووە کەنداو. هەروەها، ئۆرسولا ڤۆن دەرلاین سەرۆکی کۆمیسیۆنی یەکێتی ئەورووپاش رۆژی 18ی نۆڤەمبەر لە مەنامەی پایتەختی بەحرەینەوە ئەو پەیامەی دا کە رووسیا گەورەترین مشتەری خۆی لە کیس داوە، کە ئەورووپایە، کۆتایی بە گرێدراوی خۆی بەو وڵاتە دەهێنێت.

لەڕاستیدا فاکتەری وزە بەشێکی گرنگی بایەخی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستە بەتایبەتی خەلیج بۆ هێزە گەورەکانی جیهان، بەڵام ئەوە هەموو شتێك نییە. چونکە رێك لەو کاتانەدا کە لە ئەمریکا باس لە پێویستیی بایەخدانی زیاتر بە ناوچەی ئیندۆپاسیڤیك دەکرا و گرنگی بە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کەمتر بوو، وڵاتێکی وەك چین خەریکی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ئەم ناوچەیە بوو. کارەکانی کۆڕبەندی چین و وڵاتانی عەرەبی کە لە 2004وە دامەزراوە زیاتر بووە و چین قەرزی بە هەندێك لەو وڵاتانە داوە. ئەمە بێجگە لە رێککەوتنی 25 ساڵە لەگەڵ ئێران وپەرەپێدانی پەیوەندییەکان لەگەڵ تورکیا وتەنانەت ئیسرائیلیش. بێشك ئەمە بەشێکە لەو رکابەرییە هێزدارییەی کە ئەمڕۆ خەریکی شێوەی جیهان دەگۆڕێت.

## رکابەرییە هێزدارییە گەورەکەی جیهان

زیاتر لە یەك دەیە دوای تێزە بەناوبانگەکەی فۆکۆیاما لەسەر "کۆتایی مێژوو" لە سەرەتای نەوەدەکان، کە راگەیاندنی سەرکەوتنی ئەمریکا و لیبراڵیزم بوو لە جیهان، بەشێوەیەکی پێچەوانە باسێکی دیکە دنیای سیاسەتی گرتەوە ئەویش کۆتایی سەردەمی تاکجەمسەری بوو لە جیهان! کار گەیشتە ئەوەی کە ئیدارەی بایدن لە بەڵگەی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی خۆیدا بە راشکاوی باس لەوە بکات کە چین رکابەرێکی راستەقینەیە. ناتۆش لە لوتکەی ئەمساڵیدا جەختی لەوە کردووە کە چین پرۆژەیەکی هێزداری لە جیهان هەیە.

لەڕووی ئابوورییەوە، هەرچەند ئەمریکا هێشتا گەورەترین ئابووری جیهانە بەڵام خێرایی گەشەکردنی ئابووری ئەمریکا وەك ئەوەی چین نییە. بەپێی داتاکانی بانکی جیهانی، لە ماوەی زیاتر لە دوو دەیەی رابردوودا، داهاتی گەشەی بەرهەمی نیوخۆیی ئەمریکا لە 10.58 تریلیۆنی ساڵی 2001وە بووەتە 23 تریلیۆن دۆلار لە ساڵی 2021، بەوەش دوو هێندە گەورەتر بووە، لەکاتێکدا کە ئەوەی چین زیاتر لە 15 جار گەورەتر بووە. لەڕووی سەربازییەوە چین خەرجییە سەربازییەکانی خۆی لە 50 ملیار دۆلارەوە لە ساڵی 2001 گەیاندۆتە 270 ملیار دۆلار لە ساڵی 2021. ئەمریکا لە 493 ملیار دۆلار لەساڵی 2001 وە، خەرجییە سەربازییەکانی خۆی گەیاندۆتە 768 ملیار دۆلار لە ساڵی 2021. بە واتایەکی دیکە، چین زیاتر لە 5 هێندە خەرجییە سەربازییەکانی خۆی بەرز کردۆتەوە و ئەمریکاش نزیکەی دوو هێندەی کردووە. بە پێی راپۆرتێکی پەیمانگەی نێودەوڵەتی ستۆکۆڵم بۆ لێکۆڵینەوەی ئاشتی ((SIPRI، لە ساڵی 2021دا خەرجییە سەربازییەکانی جیهان بۆ جاری یەکەم گەیشتووەتە 2.1 تریلیۆن دۆلار. هەر بە پێی راپۆرتەکە, سێ هێزی ئاسیایی( چین، رووسیا و هیندستان) لە نێو ئەو پێنج

وڵاتەی جیهاندان کە زۆرترین خەرجیی سەربازییان کردووە و 52%ی هەموو خەرجییەکانیش لەلایەن چین و ئەمریکاوە کراون.

هاوشـانی، رەهەنـدە ئـابووری و سـەربازییەکانی رکـابەرییە هێزدارییەکـەی ئەمریکـا و چـین، کێبـڕکێی هـەردوولا لەسـەر دروسـتکردنی هاوپەیمـانی و پەرەپێدانی پەیوەنـدیی دوو قـوڵی و چەنـد قۆڵییەکـانیش زیـادیکردووە. ناکۆکییەکـان لەسـەر باڵادەسـتی تەکنەلـۆژی، کاریگەری لە ناوچەی پاسفیك لە گرنگترین رەهەندەکانی ئەو ململانێیە بوون کە ئێستا خەریکە بۆ رۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش شۆڕ دەبێتەوە.

## کوردستان و رکابەری زلهێزەکانی جیهان

گرنگترین لێکەوتەی سەرقاڵبوونی هێزە گەورەکانی جیهان بە رکابەریی یەکتر، دروستبوونی بۆشاییەکی هێزە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئەمەش دەوڵەتانی خستۆتە جووڵە و گەمەیەکی نوێی هاوپەیمانی و رکابەری، بۆ ئەوەی باڵانسێکی هێز دروستبکەن.

هەرچەند هێشتا بۆشاییەکی هێز بە تەواوی دروست نەبووە، بەڵام ئەو دوودڵییەی کە ئەمریکا لە 2011(وەرچەرخانی دیدی ئەمریکا بەرەو پاسیفیك) بەدواوە لەم ناوچەیە نیشانیدا و بەتایبەتی لە 2019شدا گەیشتە لوتکە، خواستی دەوڵەتانی ناوچەکەی بۆ سیاسەتیکی توندتر لە جاران بەرامبەر بە کورد زیاد کردووە. تورکیا و ئێران کردەوە سەربازییەکانی خۆیان لە ناوچەکە زیادکردووە و ئەمەش بیرهێنەرەوەی دۆخی کوردە لە قۆناخی دوو جەمسەریی جیهان، بە تایبەت لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا کە سیاسەتی سەرکوتکاری کورد تەنانەت تاوەکو ئاستی جینۆسایدیش رۆیشت. لە 2015 بەدواوە تاوەکو 10ی تشرینی دووەمی ئەمساڵ زیاتر لە [6000کەس](#) لە شەڕی نێوان پەکەکە و تورکیادا گیانیان لە دەستداوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە تەنیا چەند ساڵێك پێش ئەوە، باس لە پرۆسەی چارەسەری(ئیمرالی) لە نێوان تورکیا و پەکەکە دەکرا، وەك ئەوەی کە تورگوت ئۆزال لە پاش رووخانی یەکێتی سۆڤیەت دەیویست بیکات و سەرینەگرت. ئەمەش خۆی باشترین نمونەیەکە لەسەر ئەوەی کە چۆن گۆڕان لە هاوسەنگییە هێزدارییەکانی جیهان دەتوانێت کاریگەری لەسەر پرسی کورد دابنێت.

باڵادەستی ئەمریکا لە جیهان و هەردوو جەنگی عێراق و جەنگی داعش کە هەردووکیشی بە سەرکردایەتی ئەو وڵاتە کران، رێگایان بۆ دوو دەسەڵاتی دی ژۆر (De Jure)و دیفاکتۆی (De Facto)کوردی لە ناوچەکە خۆش کرد، بەڵام هەر لەو کاتەی کە دوودڵیی ئەمریکا و سیاسەتی ململانێی هێزە گەورەکان لە سەردەمی ئۆباماوە دەستیپێکرد، هەوڵە ناوچەییەکانیش بۆ سنووردارکردنی کورد زیادیان کرد. تورکیا سێ ئۆپەراسیۆنی زەوینی بەرفراوانی لە رۆژئاوای کوردستان کرد و ئێستاش باسی چوارەم دانەی دەکات. سنووری دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان لە 2017 بەدواوە بەرەو کەمبوونەوەیەکی زیاتر رۆیشتووە و ئێرانیش تەنیا لە چەند مانگی رابردوودا لانیکەم سێ جار هێرشی فراوانی ئاسمانی کردۆتە سەر خاکی هەرێمی کوردستان و، کاردانەوەیشی بەرامبەر ناڕەزایی و خۆپیشاندانەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانیش خوێناوی بوو. ئەمەش لەکاتێکدایە کە پێشتر لە دوای نێوەڕاستەکانی ساڵانی نەوەدەکانەوە، وازی لە هێرشەکانی بۆ سەر حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان هێنابوو، هەروەها هەوڵی برەودانی زیاتری پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەدا.

بێشـك دەرکەوتنـەوەی شەپـۆلێکی دیکـەی ململانێـی نێـوان حیزبەکـانی هـەرێمی کوردسـتان تەنیـا بـابەتیکی نێـوخۆیی نییـە بەڵکـو دەرهاوێشتەیەکی ئەو نەزمە گشتییەیە کە بەرەو گۆڕان دەچێت. دەرفەتی دەوڵەتانی ناوچەکە بۆ بەگژداداانی کورد و سەرقاڵکردنیان بە یارییەکی سنووورداری خۆجێی زیاتر بووە، لە کاتێکدا کە بۆ نموونە خواستی ئەمریکا و رۆژئاوا بۆ یەکخستنی پێشمەرگە بەخاوی دەچێتە پێشەوە.

## کۆتایی

جیهان بەرەو گۆڕانێك دەچێت و کوردستانیش لە قۆناخێکی هەستیاردایە. سەردانەکەی شی جین پینگ نیشانەیەکی ئاشکرای ئەو گۆڕانەیە کە خەریکە روودەدات. ئەکتەرە گرنگەکانی جیهان و ناوچەکە خەریکن خۆیان بەگوێرەی رکابەرییە هێزدارییەکەی چین و ئەمریکا رێکدەخەنەوە. بێگومان لەم قۆناخە راگوزەرەشدا، شەپۆلێکی سیاسەتی دژەکوردی لە ناوچەکە هەڵیکردۆتەوە. هەڵبەت ئێستا ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو نییە و ئەگەر سیاسەتی کورد لە بازنە داخراوە ناوخۆییەکەدا گۆڕانی تێدا دروست بێت، نەك مەترسی بەڵکوو دەتوانێ دەرفەتێکیش بێت. وا مەزندە دەکرێت کە ژمارەی کورد بە بەراورد بە هەشتاکان لانیکەم سێ هێندە زیاتر بووبێت و توانا سیاسی و سەربازییەکەشی گوڕانی بەسەردا هاتووە، تێگەیشتن و جیهانبینی مرۆڤەکانیش گۆڕاوە، لەمانەش گرنگتر، دەوڵەتانی دەوربەری کورد هەم کێشەی ناوخۆییان زۆرتر بووە و هەم سروشتی سیاسەت و دەسەڵاتدارییەکەیشیان وەک رابردوو نییە. دواجار هەموو گۆڕانێك دەتوانێت دەرفەت، یان مەترسی لەگەڵ خۆی بێنیت، هەڵبەت براوە ئەوەیە کە هەڵەکانی رابردووی دووبارە نەکاتەوە!a